ناڕەزایەتی، بێزارییان لە دەسەڵاتی نوێ ئاشکرا کرد. بەڵام بەداخەوە دەسەڵاتدارانی نوێ، لەجیات وەڵامی بەڵێ بۆ داوای جەماوەری راپەڕیو و بێزار لەستەم، بە بەکارهێنانی هێزی سەرکوت، بێ بەزەییانە کەوتنە گیان خەڵك و میتینگ و ناڕەزایەتی و کۆبوونەوەی جەماوەرییان دایە بەر پەلامار و هەزاران کەسیان راپێچی زیندان و چاڵە ڕەشەکان کرد و دەیان رۆڵەی تێکۆشەریان لەژێر شکەنجەو پەتی سێدارە شەهید کران . گەلی چەوساوەی کورد لە کوردستانی ئێران ئومێدواربوو بە رووخانی رژیمی پەهلەوی، کۆتایی بە رەنج و مەینەتی دەیانساڵەی بێ، بەڵام زۆری پێ نەچوو، رووبەڕووی ستەمێکی تاقەت پڕوکێنتر و دڕندانەتر بوەوە. سەرەڕای ستەم و بێ عەدالەتی و رەفتاری بێ بەزەییانەی دەسەڵات، گەلی کورد بەردەوام داوای ئاشتی و لێك تێگەیشتنی کردوە. هەر بەو مەبەستەش چەندین دەستەی نوێنەرایەتی بۆ ووت وویژ لەگەڵ دەسەڵاتدارانی رژیم دیاری کرد. هەیئەتەکانی نوێنەرایەتی کورد زۆربە جیددی هەوڵیان دا کە دەسەڵاتدارانی ئێران رازی بکەن مافە رەواکانی کورد بسەلمێنن. بەڵام ئاخوندەکان لە وەڵامی داوا رەواکانی خەڵکی کوردستان دا دەستیان دایە هەڕەشە و چاو سوور کردنەوە و هەڵوێستی غەیرە دیموکراتی و هێرشی نیزامی، بوونە هۆی سەرهەڵدانی جەنگێکی خوێناوی داسەپاو و ناچار کردنی گەلی کوردستان بە دیفاع لە خۆی و نیشتمانی. بە فەرمانی جیهاد جەنگی ناڕەوای خومەینی لە دژی خەڵکی کورد دەستی پێ کرد و پاسدار و باقی هێزە سەرکوتگەرەکان و خەڵخاڵی ی جەللاد و بەناو قازی شەرع رەوانەی کوردستان کران، کە چۆنی پێی خۆش بێ و چەندە حەزی لێ بێ دڕندانە لاو و پیری کوردستان بنێرێتە مەیدانەکانی گوللەباران و پەت و سێدارە و مەرگ. خەڵخاڵی لەماوی چەند رۆژدا، دەیان لاو و پیری کوردی شەهید کرد و بەو جینایەتەی لاپەڕەیێکی رەش و قێزەونی بۆ دەسەڵاتداریی ئاخوندەکان تۆمار کرد، کە تا ژیان دەمێنێ، لەبیر کورد و ئازادیخوازان ویژدانە زیندوەکانی دنیا ناچێتەوە. هێرشی پاسدارە بەکرێگیراوەکان بۆ سەر کوردستان و سوتاندن و وێران کردنی چەندین شارو دێی کوردستان و هەڕەشە و کوشتن و زیندانی کردنی لاوەکان و کەسایەتیە ئازادیخوازەکان، جەماوەری کوردستانی ناچار کرد بۆ دیفاع لەخۆیان و پارێزگاری لە نیشتمانیان، دەست بدەنە خەباتی چەکداری و نارەزایەتی و بەربەرەکانێ لەبەرانبەر رژیمی دەسەڵاتداری دژ بە ماف و ئازادیە مرۆییەکانی ویلایەتی فەقیە. ئەو خەبات و نارەزایەتی و تێکۆشانەی جەماوەری کوردستان و هێزە خەباتکار و ئازادیخوازەکان لە پێناو گەیشتن بە ماف و ئازادیەکان لەم ساڵانەی دواییدا گەلێك بەرچاوتر و پەرەگرتووترە لە ساڵانی رابردوو.

ئامانج و مێژووی سازمان

07507639676 (+0964)
07504687209 (+0964)
07504497138 (+0964)
0723225508 (+0064)
info@sazmanixebat.net
contact@sazmanixebat.net
xebatmedia@sazmanixebat.net
sazmanikhabat@hotmail.com

و گۆڕێکی بنەڕەتی لە بەرنامەی کاری سیاسی و ستراتیژی خۆیدا بە پێویست زانیوە. ئالوگۆڕی بنەرەتی لە هەڵوێستی سیاسی بۆ زیاتر بەرەو پێش بردنی ئامانجە نەتەوەیی و نیشتمانی کوردو گەشەی زیاتر لە ناوەوە و لە دەرەوەی بزاڤی رزگاریخوازی کورد و کوردستاندا، گۆرانێکی پێویست و ژیرانەی لە رەوتی گەشە و بەرەو پێش چونی خۆیدا پێك هێناو لە هەنگاوێکی گرینگدا و بە بەراوردو لێکدانەوەی راستیی ڕێبەری سازمان و بە راوێژکردن لەگەڵ دلسۆزانی سازمانی خەبات بەوەی کە گۆرانێکی گرینگ و بە کەڵك لە ئامانج و خەتی سیاسی پێك بێنێ، وای کرد کە لە کۆنگرەی سێهەمدا، بە بڕیارێکی ژیرانە، ستراتیژێکی نەتەوەیی پەیرەو بکات و بایەخ و پێویستی خەباتی نەتەوەیی و نیشتمانی بۆ رزگاری نەتەوە و نیشتمان، وەك ئەرکێکی سەرەکی دەست نیشان کرد و لەکۆنگرەی چوارەمی دا لە سەر ئەم ستراتیژی و سیاسەتە پێداگری کردەوە و لە کۆنگرەی پێنجەمیش دا ئەو رێڕەوە وەك خەتێکی گشتی و کاریگەر و گرینگ دەست نیشان کرایەوە.

ج ـ سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران لە کۆنگرەی شەشەمدا، مەسەلە چارەنووس سازەکان و هەل و مەرجی خەباتی ئازادیخوازی گەلی کورد و باقی گەلانی ئێران، بە پێی وەزعی سیاسی ئێران و وەزعی سیاسی جیهان و بوونی وەڵاتانی رۆژئاوا لە نزیك سنوورەکانی ئێران و گەڵاڵە ئەتۆمیە مەترسیدارەکانی رژیمی ئاخوندی کە لەوانەیە ببێتە هۆی گەمارۆی زیاتری ئابووری یان روودانی جەنگێکی نوێ لە دژی ئەو رژیمەی هێناوەتە بەرلێکۆڵینەوە. کۆنگرەی شەشەمی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران، بە هەست کردن بە ئاڵ و گۆڕە سیاسیەکان و لێکدانەوەی دروست و بە چاوخشاندن بە کار و چالاکیەکانی سازمان لە ساڵانی رابردوودا، بڕیاری بە جێ و شیاو لە سەر ئاڵ و گۆڕی بنەڕەتی لە بەرنامە و پەیرەوی ناوخۆیی سازمان پەسەند دەکا.

ئامانجە گشتیەکان:

الف ـ سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران تێ دەکۆشێ بۆ دامەزراندنی حکومەتێکی هەڵبژێردراو و دیموکراتیك و پارلمانی لە کوردستاندا، کە مافی هەموو نەتەوەو ئایین و مەزهەب و رەگەزەکان بپارێزێ. ب ـ سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران دەستەبەرکرانی مافی دیاری کردنی چارەنووسی پێ پەسەندە، بۆ ئێستا دەستەبەرکرانی خودموختاری لەچوارچێوەی ئێرانێکی دیموکراتیك و پارڵمانی بە رەوا دەزانێ و هەوڵی بۆ دەدا.

07507639676 (+0964)
07504687209 (+0964)
07504497138 (+0964)
0723225508 (+0064)
info@sazmanixebat.net
contact@sazmanixebat.net
xebatmedia@sazmanixebat.net
sazmanikhabat@hotmail.com

ت ـ سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران، بۆ رزگاری کورد و دەستەبەرکرانی ئازادی و رووخانی رژیمی ویلایەتی فەقیه و دامەزرانی حکومەتێکی هەڵبژێردراو و دیموکراتیك لە ئێران و دەستەبەرکرانی مافە رەواکانی هاونیشتمانانی کوردستان تێ دەکۆشێ.

بەندی دووهەم:

مەرجی ئەندام بوون:

الف ـ تێکڕای هاونیشتمانیانی کوردستان و هەموو کوردێکی دانیشتووی ئێران کە تەمەنیان لە ١٨ ساڵ کەمتر نەبێ، دەتوانن ببنە ئەندام، بەو مەرجانەی خوارەوە.

ب ـ باوەڕی بە بەرنامەو پەیرەوی ناوخۆیی سازمان هەبێ.

پ ـ تێکۆشان و چالاکی لە یەکێك لە شانەکانی سازمانی خەباتدا بووبێ. یان پێوەندی بە یەکێك لە بنکەکانی سازمانەوە هەبێ.

ت ـ مانگانەی ئەندامەتی بدا.

جـ دەست و دڵ پاك و شۆڕشگێر بێ و پێوەندیی بە دژمنانی گەلی کوردەوە نەبێ و دژایەتیی هیچ ئایین و باوەڕێک نەکا و لە پێناو قازانج و بەرژەوەندی نەتەوەیی و ماف و ئازادی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان تێ بکۆشێ.

چ ـ خائین بەگەل و جاسووس و بەدناو و رەگەزپەرست ناتوانن ببنە ئەندام لە سازمانی خەباتدا.

ح ـ ئەوانەی شیاوی ئەندامەتین کاتێك دەتوانن بە ئەندام وەربگیرێن کە لەلایەن شانە یان ئەندامێکی لەمێژینەی سازمانەوە بناسێندرێن.

بەندی سێهەم:

ئەرکەکانی ئەندام

07507639676 (+0964)
07504687209 (+0964)
07504497138 (+0964)
0723225508 (+0064)
info@sazmanixebat.net
contact@sazmanixebat.net
xebatmedia@sazmanixebat.net
sazmanikhabat@hotmail.com

الف ـ بەپێی پەیرەوی سازمان کاربکا و تێبکۆشێ.

ب ـ نهێنی پارێز بێ لە هەر هەل و مەرجێکدا.

پ ـ سیاسەتی سازمان پەرە پێ بدا و بیباتە ناو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و ئێران و جیهان.

ت ـ هەوڵ بدا پلەی زانیاری خۆی و هەڤاڵ و هاوباوەرانی بەرەوسەر بەرێ و بۆ بردنەسەری رادەی هوشیاری سیاسی هاونیشتمانانی تێبکۆشێ.

ج ـ راپۆرتی مانگانەی خۆی بداتەوە بە ئۆرگانی سەرەوەتر.

چ ـ هەر جۆرە ناوچەگەرایی و فراکسیون و دەستەبەندی لە ریزەکانی سازمان دا بە خەیانەت بە گەلی کورد و سازمانی خەبات بزانێ.

ح ـ هەوڵ بدا دۆست و کەسانی چالاك بهێنێتە ریزەکانی سازمانی خەباتەوە و بە سیاسیەت و بەرنامەکانی سازمان ئاشنایان بکا.

بەندی چوارەم:

مافەکانی ئەندام

الف ـ هەر ئەندامێك مافی پرسیار و نەزەردان و رەخنەگرتنی لەبەرانبەر هەموو بەرپرس و ئۆرگانێکدا هەیە، لە رووبەڕوو حزووری.

ب ـ هەموو ئەندامێك دوای یەک ساڵ ئەندامەتی لە سازمان دا دەتوانێ خۆی بپاڵێوێ لە هەڵبژاردنەکاندا و لە دەنگدانیشدا بەشدار بێ، بەڵام هەر ئەندامێك کە کەمتر لە سێ ساڵ بێ پسانەوە خزمەتی لە ریزەکانی سازماندا نەبووبێ ناتوانێ لە کۆنگرە دا خۆی بۆ ئەندامێتی کۆمیتەی ناوەندی بپاڵێوێ.

07507639676 (+0964)
07504687209 (+0964)
07504497138 (+0964)
0723225508 (+0064)
info@sazmanixebat.net
contact@sazmanixebat.net
xebatmedia@sazmanixebat.net
sazmanikhabat@hotmail.com

ت. بەرپرسی ڕاگەیاندن و بەرنامەڕێژی بۆ پەروەردەکردن و پێگەیاندنی کادیرانە لە هەموو بوارەکانەوە.

ج. ئامادەکردنی ڕاپۆرتی گشتی بۆ کۆنفرانس و کۆنگرە.

چ. بەرپرسی کومیسیۆنی پێشمەرگەیە و هەوڵ دەدا بۆ گەشەپێدان و پەروەدەکردنیان.

ح. دیاری کردنی کاتی کۆنگرە لە کاتی ئاسایی یان نا ئاسایی خۆی دا.

مەرجەکانی خۆپاڵاوتن بۆ ئەندامی کومیتەی ناوەندی:

الف. دەبێ ماوەی زیاتر لە ٤ ساڵ بەردەوام ئەندام بوبێ لە ڕیزەکانی سازمانی خەبات دا.

ب. دەبێ کەسێکی پێشەنگ بێت لە ڕەفتاردا و خەسڵەتەکانی سەرکردایەتی تێدابێ و ئەرک و بەرپرسیاریەتی بوبێ لەسازمانی خەبات دا.

پ. دەبێ کەسێکی دیموکراتخوازبێ و خاوەن فکری ئازاد بێت.

بەندی هەشتەم ئەنجومەنی ڕاوێژکاری:

لەکۆنگرەی ٦ی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێرانەوە بڕیاردرا کە ئەنجومەنی ڕاوێژکاری دابمەزرێ. ئەنجومەنەکە پێک دێت لە تێکۆشەرانی دێرین و شارەزاو لێزان لە بوارەکانی سیاسی، ئابوری، یاسایی، کۆمەڵایەتی و کارگێری. لەلایەن کومیتەی ناوەندی سازمانی خەباتەوە دەسنیشان دەکرێن و لە کاتی پێویست دا ڕاوێژیان لەگەڵ دەکرێ.

بەندی نۆیەم کۆنگرە:

07507639676 (+0964)
07504687209 (+0964)
07504497138 (+0964)
0723225508 (+0064)
info@sazmanixebat.net
contact@sazmanixebat.net
xebatmedia@sazmanixebat.net
sazmanikhabat@hotmail.com

